# بیبلۆگرافیای ژیان و سەردەمی ڤیرجینیا وۆڵف

**لە فارسییەوە: هەردی عومەر**





| | |
|---|---|
| ١٨٨٢ | ژانویە ڤێرجینیا وۆڵف بەناوی ڤێرجینیا ئیستون لە (کنزینگتون) ٢٥ .لە لەندەن هاتە دنیاوە و سێیەمین منداڵی لزلی و جولیا ئیستیونە |
| ١٨٩٠ | بە دیاریکراوی لەم ساڵەدا ڕووبەڕووی ئازاری سێکسی برا هەژدە ساڵیەکەی (جرالد) بوویەوە. |
| ١٨٩٥ | مردنی دایکی جولیا لە مانگی مەی ڤێرجینیا بە درێژایی زستان دووچاری نەخۆشی دەرونی بوو |
| ١٩٠٤ | زڕ براکەی تری (جۆرج) چەند هەوڵێکی دەستدرێژی سێکسی دەدات. لە مانگی (مە) باوکی ڤێرجینیا نهێنی لزلی ئیستیون کۆچی دوای دەکات، دووبارە ڤێرجینیا بە درێژایی زستان توشی داڕووخانی دەرونی دەبێت، لەم جۆرە قەیرانە دەرونیانەدا هەوڵدەدات لە پەنجەرە خۆی فڕێ بدات و خۆی بکوژێت. ڤێرجینیاو تەواوی ئەندامانی خێزانی ئیستیون دەچن بۆ ماڵی ژمارە ٤٦ لە مەیدانی گوردون لە گەڕەکی بلومزبری. ڤێرجینیا بەبێ واژوو لە ڕۆژنامەی تایمز ڕەخنەی ئەدەبی دەنوسێت. |
| ١٩٠٥ | گەشتی خێزانەکەیان بۆ یۆنان، کە لە دوای ئەمە توبی برای ڤێرجینیا بەهۆی نەخۆشی سکچوون و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیەوە کۆچی دوایی دەکات. |
| ١٩١٠ | هاوکات ئادریانی برای و دۆستەکانی بەشداری ڕووداوی ئاژاوەگێڕی دەکەن. |
| ١٩١١ | شو بە لیۆنارد وۆڵف دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا دووچاری نەخۆشیەکی دەروونی درێژخایەن دەبێتەوە، لە ڕێگەی ئەمەشەوە هەوڵی خۆکوشتن دەدات. |

| | |
|---|---|
| دەستپێکردنی جەنگی جیهانی یەکەم | ١٩١٤ |
| ڤێرجینیا یەکەمین ڕۆمانی بەناوی (گەشتی دەرەوە) بڵاودەکاتەوە. | ١٩١٥ |
| کودەتای بەلشەڤیکی روسیە بە ڕابەری لینین ڕوودەدات. | ١٩١٧ |
| کۆتای جەنگی جیهانی یەکەم. | ١٩١٨ |
| ڤێرجینیا شەو و رۆژی بڵاوکردەوە. | ١٩١٩ |
| ساڵی رەونەقی مۆدێرنیزم: دوای ئەوەی جویس بەرهەمی (یولیسیس)ی لەلایەن دەزگای بڵاوکراوەی (هۆگارد)ەوە رەتکرایەوە لە پاریس چاپیکرد. ساڵێك دواتر ئەم دەزگایە (هۆگارد) سەر زەمینی بایرتی.س.ئەلیوتی چاپکرد. ڤێرجینیا (ژووری جیکۆب) ی بڵاوکردەوە. | ١٩٢٢ |
| ڤێرجینیا رۆمانی (خاتوو دالوی) و یەکەمین وتاری خوێنەری ئاسایی بڵاوکردەوە. | ١٩٢٥ |
| مانگرتنی گشتی بەریتانیا شکستی پێهێنرا. | ١٩٢٦ |
| ڤێرجینیا(بەرەو فانوسی دەریایی) بڵاوکردەوە. | ١٩٢٧ |
| ڕوخانی واڵ ستریت هۆکاری شکستی ئابوری گەورەی جیهان. ڤێرجینیا ژورێك لە خود چاپدەکات. | ١٩٢٩ |
| بڵاوبوونەوەی شەپۆلەکان. | ١٩٣١ |
| بڵاوبوونەوەی کۆمەڵی دووەمی خوێنەری ئاسایی. | ١٩٣٢ |
| هیتلەر لە ئەڵمانیا دەگاتە دەسەڵات و هێز. | ١٩٣٣ |
| ڤێرجینیا ساڵەکان بڵاودەکاتەوە. | ١٩٣٧ |
| ئەڵمانیای نازی هێرش دەکاتە سەر لوهستان و شەڕی دووەمی جیهان دەستپێدەکات. | ١٩٣٩ |
| ڤێرجینیا کتێبی (راجرافرای: ژیاننامەیەك دەنوسێت). | ١٩٤٠ |
| بەرهەمی لەناو پەردەدا تەواو دەکات. لە مانگی مارس دووچاری ترس و دێوانەیی دەبێت و بەهۆی خۆ غەرقکردنی لە ڕووباری ئوز خۆی دەکوژێت. | ١٩٤١ |